# پێنتاگۆن: زیاتر لە 40 سەربازی ئەمریکی لە هێرشە درۆنییەکەی ئوردن بریندار بوون



پێنتاگۆن بەرپرسیاریەتی هێرشە درۆنییەکەی سەر هێزکانی ئەمریکای لە ئوردن خستە ئەستۆی ئێران و رایگەیاند، لەو هێرشدا سێ سەرباز کوژراون و زیاتر لە 40 سەربازی دیکەش بریندار بوون.

ئەڵڤ دووشەمم، سابرینا سینگ، جێگری سکرتێری ڕۆژنامەوانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا (پێنتاگۆن) لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، لە هێرشە درۆنییەکەی سەر هێزکانی ئەمریکا لە ئوردن زیاتر لە 40 سەرباز بریندار بوونەوە.

سابرینا سینگ ئاماژەی بەوەشکرد، گومان دەکەن کەتائیبی حزبوڵڵا کە لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، هێرشەکەی ئەنجامدابێت و جەختی کردەوە لە کاتی گونجاودا وەڵامیان دەبێت.